



# سێبەری پشت چاوەکان

**خاتوو شەرمین ، لە سالۆن ستۆکهۆلم لە هەولێر بۆمان ئامادە دەکات**

بۆ ئـــەوەی بتوانین بە چەنـــد رێگەیەکی سـاده، دانانی سـێبەر بۆ پشـت چاوەکان و لەگەڵ جوانکردنی پشت چاوەکانت، دەبێ بە چەنـــد رێگەیەك تێبپەڕین بـــۆ ئەوەی بگەین بەو ئەنجامـــەی دەمانەوێـــت. ئەمەش دەبێ سەرەتا دەم و چاومان بە جوانی بشۆرین، نابێ ماکیاژی پێشووی لەسەر مابێت.

بۆ گرتنە بەر هەنگاوەکانی دانانی سێبەری چاوەکان بـــەم رێگایانە دەبێ ئەنجامیان بدەین : بەکارهێنانی سێبەری چاو لە جۆری لۆریال کە باشترین جۆرە بۆ دانانی سێبەری چاو.

**- یەکەم**

بەکارهێنانی سێبەری سپی بۆ ژێر برۆکانت، لەلای لووتـــەوە بەکار دەهێنین تاوەکو کۆتایی برۆکان.

**- دووەم**

دێینە سـر رەنگە سێبەرەکان، بۆ نموونە : رەنگی شـین بەکاردەهێنین جـا چ بە فلڵچە بێـت یان بە پەنجـە، فلڵچەکە تـەڕ دەکەین لـەلای لووتەوە بۆ ناوەڕاسـتی چاو، رەنگی شـین بەکاردەهێنین بە شێوەیەکی کەم و نابێت رەنگەکە زۆر تۆخ بێت.

**- سێیەم**

لـە دوا هەنگاودا دەبێ بـە پێچەوانەوە لە کۆتایی چاوەکان دەسـپێبکەین بۆ ناوەڕاستی چاو، لەم کاتە رەنگی ڕەش بەکاردێنین لەگەڵ رەنگی شـینی بە تێکـەڵاوی. دەبێ رەنگە شـینەکە بە رێژەیەکی کـەم بێت، واتە رەنگە رەشەکە زیاتر بێت و دەبێ تۆختر دەربکەوێت.

بەمجـۆرە دەکرێـت سـێبەرێکی جوان بۆ چاوەکانت دابین بکەی، لە رێگەی ئەو چەند هەنگاوەی سـەرەوە، بەڵام دەبێ رەنگەکان بە نەرمـی و سـادەیی بەکاربهێنین، ئەمەش بۆ ئەوەی شـێوەی ماکیاژی سـێبەرەکە تێکەڵ نەبێت و تێکنەچێت.

تێبینـی : هەر رەنگێکمـان بەکارهێنا، بۆ ئـەوەی لەگەڵ رەنگی جلوبـەرگ یان وەك خواسـتێك بۆ رەنگەکە، دەبێ رەنگی رەشـی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت.

# بازنگی کراوەو بە نەخش وەک مۆدەیەکی سەردەم



دەبێ بیرۆکەی جوان دابنرێن بۆ هەڵبژاردنی ئێکسسوارە جوانەکان، جگە لەوەش دەبـێ یەکسـانییەك دروسـت بکرێت نێوان جلـەکان و ئـەو جۆرە ئێکسسوارانەی دەپۆشرێن. چەندەها جۆرە ئێکسسوار و مۆدەی تایبەتی لێوە دروسـت کراوە و دەبێ خانمان ئاگاداری دانانی ئەو جۆرە ئێکسسـوارانە بن جێگەی جوانی و گونجاندنیان بێت لەگەڵ جەستەی خانمان.

بازنگەکان خۆیان دەسـەپێنن لەوەی ببن بە مۆدەیەکی جوان و کراوە بۆ دەسـتی خانمان، ئەمەش وەك ئێکسسـوارێکی سـەرەکی دەپۆشـرێت، چەندین مۆدەی بازنگ جێگەی جوانی و کراوەیی لە دەسـتی خانمان دەردەکەوێت، کەچی مۆدەی بازنگی کراوەو بـە نەخش وەك مۆدەیەکی سەردەم دادەنرێت.







خانمانی بەڕێز: ئێوەش دەتوانن لاپەڕەی جوانکاری زیاتر رازاوە بکەن بە بابەتی جوان و بەسوود..
بابەتەکان لە رێگەی ئەو ئیمێڵە وەردەگیرێت iwan_gardi@hatmail.com



## مۆدەی یەک رەنگی لە مۆدەی کراس و پێڵاوەکان

لەگەڵ بەڕێ کردنی وەرزی گەرما و چوونمان بەرەو وەرزی پایز، وەرزی جوانی و مـــۆدەی کــراوە، وەرزێك بۆ تێکەڵکردنـــی مۆدەکانی هاوینە و زســـتانە، لە مۆدەکانـــی پاییز بە جوانترین شێواز دەبێ جلەکان تێکەڵی ســـتایلە جوانەکان بکرێت، لەم وەرزەدا دەبێ شتێك لە جوانی جلەکان هەبێت، ئەویش یەك رەنگی نێوان کراســـەکان یان جلی ســـەرەوە لەگـــەڵ رەنگی پێڵاوەکان.

ئەو شێوازە دەبێتە ستایلێکی وەرزی پاییز، کراســـەکانیش وەك مۆدەیەکی کورت و لەگەڵ بۆدی و یان قەمیسی کــراوە بپۆشـــرێن، بەم جـــۆرە دەبێتە مۆدەیەکی تایبەت و رازاوە، ئەم جۆرە مۆدەیە دەکرێت لەگەڵ کاوبۆی جینز و پانتۆڵی شارڵس بپۆشرێت.

## قژی خاو بۆ گشت مۆدەیەک



هەڵبژاردنی ســـتایل و تەسریحەیەکی جوان بۆ دەستنیشانکردنی مۆدەیەکی تایبەت بۆ قژی خانمان، دەبێ بیر لە شێوازی قژ و جۆرە مووی قژیـــان بکەینەوە، یەکێك لە مـــۆدە تایبەت و جوانەکان بریتییە لە تەسریحەی خاو (سەرح)، وەکو مۆدەیەکی کرانەوەی قژ، بە جۆرێك خۆی بە خاوی و نەرمی پیشان دەدات، بەمەش دەتوانێت دیمەنێکی ســـەرەنجراکێش دروست بکات بۆ قژی خانمان. دەکرێت مۆدەی تەسریحەی سەرح یان خاو بۆ گشت جۆرە قژێك دابنرێت، واتە قژی کورت و درێژ، دەکرێت ئەو مۆدەیەی لەسەر ئامادەبکرێت، تەنانەت دەکرێت بە چەندەهـــا رەنگی جیاواز قژی خاو رەنگ بکرێن، چونکە جوانی قژی سەرح لەگەڵ گشـــت رەنگەکان دەگونجێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت قژی مۆدە تەسریحە بـــۆ خانمانی بووك یان هەر خانمێك دابنرێت، چونکە ســـتایلێکی جوان و ناسکی هەیە و لەگەڵ گشت کاتێك دەگونجێت.

**سالۆن میریام-وڵاتی فەڵەستین**



# شاجوانی خزمەتکار

بۆ ئەوەی جوانەکان نازناوێکیان پێبدرێت، یان ڕێگەیەکی دیکەی شاجوانەکان دەربکەوێت، بۆ خزمەتکارەکانی وڵاتە عەرەبییەکان پێشبڕکێیەکی جوانی بۆ خزمەتکارەکانی ماڵەکان ئەنجامدرا، توانرا تیایدا جوانترین خزمەتکارەکان دەستنیشان بکرێت، چونکە لە ناو خزمەتکارەکانیش شێوەی جوان بەدی دەکرێت.

لە پێشبڕکێیەکە خزمەتکارەکانی وڵاتانی فلیپین و بەنگلادیش هیچ نازناوێکیان بەدەست نەهێنا.

لە کۆی (٤٠٠) خزمەتکار ئەوانەی خۆیان تۆمار کرد بۆ نازناوەکە، (٣) لەوانە بوونە خاوەنی نازناوی شاجوانی خزمەتکارەکان. ئەوانیش لە وڵاتانی (تورکیا – یۆنان و ئۆکرانیا)یە، دەکرێت ئەو خانمانە بکرێن بە نمایشکار نەوەك خزمەتکار!

# ئافرەتێک لەبەرچاوی خەڵک منداڵی دەبێت

خانمێکی وڵاتی ئەمەریکا، دوای ئەوەی سکی دەبێت و لە چاوەڕوانی کاتی هاتنی منداڵبوونەکەی دەبێت، ڕۆژێکیان پێش کاتی خۆی ژان دەیگرێت و دەکەوێتە ماوەی منداڵ بوون، بۆیە پەیوەندی بە نەخۆشخانەیەك دەکات، کە نەخۆشخانەکە نزیکەی (١٠٠) مەترێك لە ماڵەکەی دوور دەبێت، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی نەخۆشخانە بێت و بیگەیەنێتە نەخۆشخانە.

ماوەیەکی تەواو چاوەڕوان دەکات کەچی کەس نایێت، ئەویش ژانەکەی زیاتر دەبێت و بۆیە بڕیار دەدات بە قاچەکانی خۆی ئەو (١٠٠) مەترە ببڕێت و بچێتە نەخۆشخانە، کەچی وادیارە لە ڕێگادا لەسەر شۆستێك ناتوانێت زیاتر بڕوات و لەو کاتە منداڵی دەبێت. لەبەرچاوی گشت خەڵك و لە شوێنێکی گشتی منداڵەکەی دەبێت.







# ماسیش دەفڕێت



لە هەندێك حاڵەتەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕێبازە ڕاستەقینەکان دادێت، ئەو گۆڕانکارییەش دەبێتە جێگەی سەیر و سەمەرە، حاڵەتێك دروست دەکات بە جوانترین و سەیرترین شێواز دەردەکەوێت. یان کاتێك لەبەرچاومان شتێکی دیاری کراو هەیە، وەك ماسی لە ناو ئاودا دژیێت، ئەمە دەبێتە یاسایەکی دیاریکراو، کەچی چی دەبێ ئەگەر بڵێن ماسیش باڵی هەیە و دەفڕێت.

ئەوە شتێکی تازەیە و لەگەڵ ئەوەش ڕاستەقینەیە، بۆ دواجار لە زەریای هادی توانیان جۆرە ماسییەك بدۆزنەوە باڵی هەیە و دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بفڕێت. ئێستاش کۆمەڵێك لەو جۆرە ماسییەیان هێناوەتە دەریا و ڕووبارەکانی نزیك لە وشکانی بۆ ئەوەی ژمارەیان زیاتر ببێت.



# گێزەرێک بە (٥) پەنجەوە

کاتێك بەرووبوومە رووەکی و گیاییەکان دەردەکەون بە چەندەها شـێوەی سـەیر لەگەڵ ئەوەی چەندین شـێوەی سەیر لە خۆ دەگرن، کەچی دەکرێت سـوود لەو شێوانە وەربگرین وەکو حاڵەتێکی تایبەت و سـەیر و سـەمەرە. بیتر جاکسۆن لە باخچەکەیدا گێزەرێکی دۆزییەوە تا ئێستا دەبێتە جێگەی سەمەرەی گشت کەسێك، شێوەی سەیری گێزەرەکە لەوەیە وەك دەستێك دەردەکەوێت.

وەك ئەوەی دەسـتێك بە (٥) پەنجەوە بێت، کاتێك بیتـر گێزەرکانی کۆ دەکاتەوە، ئەوەی بەرچاو دەکەوێت و نیشانەی دەزگاکانی راگەیاندنی دەدات. ئەوەی زیاتر سەیر بێت لەو گێزەرە، لە سرووشتدا رووداوە و بێ دەستکاری مرۆڤ یان هەر کارێکی تایبەت.

# کراسی بووک لە پەڕ



خانمانی بووك هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کراسێکی جوانیان هەبێـت، گرانبەها ترین کراس هەڵدەبژێرن ئەمەش وەك هەڵبژاردنی جوانترین کراسی بووك. تەنانەت هەندێکیان کراسەکە دەکڕن ئەوەش نرخێکی زۆری دەوێت بۆ کراسێك تەنیا بۆ رۆژێك دەپۆشرێت.

کەچـی لەلای (شاشـا) ئەو خانمـە بووکەی لە وڵاتی چین، بڕوای بە کراسـی گرانبەها نییە و تەنیا کراسـێکی سـادە و بەبێ نرخی هەڵبژارد بۆ رۆژی هاوسەریەتییەکەی. سەیری کراسەکە لەوەدابوو ماددەی کراسـەکە لە پەڕ ( پەمۆ) دروسـت کـراوە. لەگەڵ ئەوەشـدا کراسـەکە ئەوەندە گەورە بوو، (٦) کەسیان تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی هەڵیبگرێت.



# بەبێ دەست ئوتۆمبێل لێدەخوڕێت







کاتێـك مرۆڤ تووشـی کارێك یـان هەنگاوێکی ناخـۆش دەبێتەوە، دەتوانێت لە رێگەی دیکە سـوود لە کاری دیکە وەربگرێت. وەك ئەو کوڕە گەنجەی لەگەڵ ئەوەی تووشـی لە دەستدانی دەستەکانی بۆتەوە، کەچی وەك خەڵکی ئاسـایی ژیان بەسـەر دەبات و دەتوانێت کاری کەسێك بکات دەستەکانی ساغ بێت.

(مینکۆ باولاز) کوڕە گەنجێکی وڵاتی یۆنانە و بەهۆی کارەساتێکی تایبەت دەستەکانی بڕاوەتەوە و بێ دەست دەژییێت، تا ئێستاش دەتوانێت شـۆفێری بـکات و ئوتۆمبێلـە لێبخوڕێت بەبێ دەسـت، تەنیا بە قاچەکانی ئوتۆمبێـل دەهاژوات بەبێ هیچ گرفتێك.

## پیاوی مەرجان چاک بۆوە



پیاوی دار یان پیاوی مەرجان، بۆیە بەو ناوە ناسراوە کاتێك تووشی نەخۆشییەکی پێستی سەیر دەبێتەوە و بەمەش گشت جەستەی لە شێوەی دار یان مەرجانەکانی ناو دەریا دەردەکەوت. دوای چەندەها کاری چارەسەری کەچی هەوڵەکان بێ سوود بوون، بەم دواییە بە چەندین چارەسەری سرووشتی و تایبەتی توانرا چارەسەر بکرێت.

لین تانزهوان، ئەو پیاوەیە نزیکەی (١٣) ساڵە بە دەردی ئەو نەخۆشیە دەناڵێنێت، تا بە دوا هەنگاوی جوانکاری و کاری چارەسەری رزگاری دەبێت و چاك دەبێتەوە، تەنانەت ئێستاش شوێنەواری نەخۆشییەکەی ماوە لە جەستەیدا.



## تا ماوم دەتپەرستم!

کەرەستە و شتە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییە بەناوبانگەکان، دەبێتە جێگەی سەرنجراکێش و سەمەرەی گشت کەسانی دیکەیە. ئەمەش کاتێك لە کەرەستەکان نهێنی یان شتێکی لەسەردا دەبێ بۆ ئەوەی خەڵك لە نهێنی و تایبەتمەندی کەسایەتییە جیهانییەکان بزانێت.

جۆرج دەبلیۆ بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، لە کاتی قسەکردندا دەبێت، وێنەیەکی دەگیرێت



و تیایدا ئەڵقەی پەنجەی بە جوانی دەردەکەوێت، دوای ئەوەی لەلایەن پسپۆڕێکی نووسین لە ئەڵمانیا توانی نووسینەکەی سەر ئەڵقەی دەستی بۆش بزانێت، کە بە زمانی کاسۆلێکی نووسراوە، ماناکەشی (تا ماوم دەتپەرستم)! ئەوەی جێگەی سەیر بێت نازانرێت ئەو قسەیەی بۆ خودایە یان هاوسەرەکەی یان ئەمەریکا.

## خەوخۆشەکان

منداڵ لەگەڵ ئەوەی بە پەپوولەیەکی جوان دەناسرێت، هەروەها چەندین جووڵە و کاری وادەکەین جێگەی خۆشحاڵی و جوانیان دەبێت. کاتێك لە تەمەنێکی بچووکن چەندەها جووڵەی جوان دەکەن، لە کاتی خواردن یان یاری کردن یان هەر شتێکی دیکە. لە دونیای منداڵ رێگەیەکی جوانیان لە نووستن، کاتێك دەیانەوێت بخەون لە هەر شوێنێك بێت درێژ دەبن یان بە هەر شێوەیەك.

چەندین حاڵەتی نووستنی سەیر لە منداڵەکان وەرگیراوە و جێگەی سەیری گشت کەسێکە کاتێك بە ناسکترین شێوە خەوتوون، لە جوانترین دیمەنەکان ئەو منداڵەی سەری خستۆتە ناو پێڵاو و خەوتووە.





# گەشەکردنی بێچووی فیل

کاتێك منداڵ یان هەر بێچووێك لەناو سكی دایك گەشە دەكات، هەر لە سەرەتای دروست بوونی كە پارچە گۆشتێكی بچووكە و دواتر بەهۆی وەرگرتنی خواردەمەنی لە دایك گەشە دەكات، ئەمەش بەپێ ئەو ماوەیە دەوەستێت تاوەكو بێچووەكە گەشە دەكات.

لە تازەترین ئامێرەكانی تەكنۆلۆژیای پزیشكی توانیان وێنەی بێچووی گیانداران بگرن وەك هەنگاوێكی یەكەم بۆ تاقیكردنەوە، رەنگە لە داهاتووشدا بۆ مرۆڤیش كاری پێبكرێت. ئەو وێنانە راستەقینەیە و لە سكی گیانداری فیل وەرگیراوە، ئەمەش بەپێ قۆناغەكانی گەشەكردنی كۆرپە یان بێچووی گیانداری فیل.

## (٤) ژن دەهێنێت لە رۆژێكدا !



بەپێی هەواڵێكی تۆری (بی بی سی)، لەسەر ئەو پیاوەی لە رۆژێكدا توانی گەورەترین كاری هاوسەرییەتی پێكبهێنێت، ئەمەش كاتێك بیری لە هێنانی زۆرترین ژن كردۆتەوە وەك حەزێكی تایبەتی لە دڵی. میلتۆن مبیلی ئەو پیاوەیە لە باشووری ئەفریقیا دەژییێت و دەڵێت : حەزم بەو كارە بوو، ماوەی (٣) ساڵە خەریكم تاوەكو ئەورۆ بەجێم گەیاند.

كاری هاوسەرگیرییەكە لە یەك كاتدا (٤) ژنی هێناوە، هەر چواریان لە ئاهەنگێكی تایبەتدا كردە هاوسەری خۆی، سەبارەت بەم كارەی زیاتر دەڵێت : ئەو كارەم كردووە وەك هەنگاوێكی شەرعی و بە یاسا، ئەمەش چاكترە لە دواتر كاری خیانەت و پەیوەندی خراپ ئەنجام بدەم !

## رۆژانە ١٠٠ پیاو ماچ دەكات



ئەو خانمەی توانی بڕیارێكی سەیر بدات گشت خەڵكی جیهان پێوەی سەرسام بكات، ئەویش كچێكی وڵاتی تایوانە و ناوی (یانگ بی شینگ)، ئەو كچە زۆر حەزی لە ماچە، زیاتریش حەز لە وڵاتی فەرەنسا دەكات، بۆیە بڕیارەكەی بەم شێوەیە : دەبێ رۆژانە ١٠٠ پیاو ماچ بكەم، بۆ ماوەی مانگێك !

بڕیارەكەی جێبەجێ كرد كاتێك سەردانی وڵاتی فەرەنسای كرد بۆ لە گەشتێكی یەك مانگەدا، لە هەر شوێنێك چاوی بەر هەر پیاوێك بكەوتایە، دەیدایە بەر ماچ و مووچ. ئەوەی سەیر بێت بڕیاری داهاتووی بەم شێوەیە : رۆژانە ١٠٠ كەس ماچ دەكەم تا ئەو كاتەی شوو دەكەم ! ئەگەر ئەم كارە بكات، دەبێ كێ هەبێت ئەو كچە بخوازێت.




## کامێرای زێڕ!

دروستـــــ کردنی کەرەستە ســـەیرەکان یان سەرەنجراکێشـــەکان، بـــۆ ئـــەوەی ببێتە ڕێگەیـــەك بۆ ڕێـــکلام و بازرگانی کردن تا ئێســـتا کاری تازەی بۆ دەکرێت. ئەوەی دەیبینـــن بریتییە لـــە کامێرایەکی بچووك، لەلایـــەن کۆمپانیای پێنتاکس و بە سپۆنســـەری کۆمپانیای ئەســـاهی، کامێرایەکان دروست کرد بەرێژەی لە سەدا ٧٥٪ لە زێڕ دروست کراوە.

## گەورەترین کودو




بـــۆ دوا جـــار گـەورەتریـــن کـــودو دۆزراییـــەوە، ئەمەش چەندەهـــا جـــارە حاڵەتی لەم جۆرە دەربکەوێت بەهۆی ئەوەی کودولـــە هەندێك جـــاردا بەبێ سنوور گەورە دەبێت و شێوەیەکی گـــەورە لە خـــۆ دەگرێت. وەك ئەو حاڵەتە گەیشـــتۆتە نزیك (٥٠) کیلۆگرام، بەمەش دەبێتە گەورەترین کودو لەســـەرتاپای جیهان.




## یاری جوڵانەوەی پیتەکان

**دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشـــانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.**

ه ڕ ن ه ا س ت

ئاسانکاری:- نەخۆشییە کە!

وەڵامی پێشوو : شاری (میلانۆ) لە ئیتاڵیا

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

دیدارێکـــی چاوەڕواننەکـــراو لەگـــەڵ کەســـێك دەبێتە هۆی ئەوەی شـــتێکی گرنگت بێتەوە یاد کـــە لەبیرت کردبوو، پێـــش ئەنجامدانـــی هـــەر کارێکـــی گرنگ ڕای خۆشەویستەکەت وەربگرە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

وەڵامنەدانـــەوەی پرســـیارەکانی کەســـی بەرامبەرت هیچ ســـوودت پـــێ ناگەیەنێت، بەرژەوەنـــدی تۆ لەوەدایە ڕاســـتییەکانی پێ بڵێی بەهەر شێوەیەك بێت، ئەو کاتە ئەویش بڕوا بە قسەکانت دەکات.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەوانەیە لەناوەڕاســـتی ئـــەم هەفتەیەدا خۆشەویســـتی لـــەدەرگای دڵـــت بدات و پەیوەندییەکی ســـۆزداری درووست بێت، ڕۆژانی داهاتووت پڕ دەبن لە خۆشەویستی.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئـــەم ماوەیە ئەگـــەر داوات لـــێ کرا بۆ ئامادەبوون لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕەتی مەکەوە، خەونەکانت ڕەنگاوڕەنگـــن و لەژماردن نایەن پێویستیت بە کاتی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی پێیان بگەی.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

دوورکەوتنەوە و دابڕان لەبەرژەوەندی تۆ دا نین، کۆتایی بە کێشـــەکانت بێنە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پێش ئەوەی لەدەستت بچێت و دواتر پەشیمان بیتەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئـــاگاداری ئەو کەســـانە بە کـــە لەبەر بەرژەوەنـــدی تایبەتی هاوڕێیەتیت دەکەن، بڕوا بە هەموو کەســـێك مەکە و هاوڕێ دڵســـۆزەکانت لەیاد مەکە، هاوڕێیەکت داوای یارمەتیت لێ دەکات.

**ئا/ هێمن قەسرەیی**





## ئاسۆیی:

-١ گۆرانیبێژێکی کورده خاوەن وێنەکە.
-٢چیرۆکی تەمسیلی کوردییە.
-٣ دوو پیتی ژەم- گردێکە- ژمارەیەکە
-٤ پێنچ پیتی هەولێر- تەزیو- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ).
-٥ سیان(ت)- نیل)ت).
-٦ پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە- بیرەوەری.
-٧ لاو(ت)- ژمارە یەکە(پ)- رووەکێکی خۆرسکە.
-٨ باج(ت).
-٩ سێ پیتی رەنگ- ناوێکی کوڕانە.
-١٠نیوەی نیان- گێژ- نیوەی مارك
-١١ چیایەکی کوردستانە(پ)ز
-١٢ زۆران بازێکی کۆنی عێراق.

## ستوونی:

-١ گۆرانیبێژێکی کوردە.
-٢ سەرکردەیەکی ئەوروپی بوو.
-٣ وەکو یەك- ناوێکی کوڕانە- گیانلەبەرێکە.
-٤ کچە گۆرانی بێژێکی تورکییە- بچووك.
-٥ گۆرانیبێژێکی کۆچ کردووە(پ)- چیایەکی کوردستانە.
-٦ هەژار(پ)- بە کەیف- قاچ.
-٧ جۆرە ئامێرێکی تەلەفزیۆنە(پ).
-٨ وەکو یەك- جۆرە گوڵێکە(پ) دوو پیتی باقی.
-٩ حەب(ت)- شەش پیتی تەیراوە.
-١٠ کۆ بە E- ناوێکی کچانە- وەکو یەك.
-١١ دراوێکە- ناوێکی کوڕانە(پ).
-١٢ گۆرانی بێژێکی کوردە.

*ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی*

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەرلێشێواو بە زامنی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+١+٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارۆچکە بە عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئامێرێکی میوزیکە و بە دەم لێدەدرێت)
- پیتی خانەکانی (٦+٥+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە عەرەبی)!

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شەترەنج ) بوو**



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

خۆشەویستەکەت ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە تۆ هەیە وەك چۆن لەڕابردوودا تۆ پێویستیت بە سۆزی ئەو هەبوو، سۆزی خۆت بە خۆشەویستەکەت ببەخشە و دڵی خۆش بکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەندێ لەهاوڕێ و خزمەکانت وا هەست ئەکەن ئەوانت لەبیر کردووە، هەر کاتێك بێت پێویستە سەردانیان بکەی یان هەواڵیان بپرسی بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان لا نەمێنێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەست بە درووست بوونی پەیوەندییەکی سۆزداری دەکەی لەنێوان خۆت و هاوڕێیەکت، پێویستە دڵنیا بیت لەوەی ئایا کەسی بەرامبەر هەمان هەستی تۆی هەیە یان نا پێش ئەوەی هەنگاوی تر بنێی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەواڵێکی گرنگت پێدەگات سەبارەت بە بە کەسێك کە لای تۆ خۆشەویستە و بەشێکی هەواڵەکە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، کاتەکە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

چەند گرفتێکی بچووك دێنە سەر ڕێگات لەو کارەی ماوەیەکە ئەنجامی دەدەی بەڵام هەر زوو کۆتاییان پێ دێت، نهێنی سەرکەوتنت لەوەدایە بە دڵسۆزی کارەکانت ئەنجام بدەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم هەفتەیە کەشێکی ڕۆمانسیت بۆ دەڕەخسێت، چێژ لە کاتە خۆشەکانت وەربگرە، پێویستیت بە بەرنامەیەکی نوێ هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو.

hemntoni@yahoo.com